ڕونكردنەوەیەك لـە

# پارتی چەپی كوردستانەوە

لـەم ڕۆژانـەدا و لـە گـەرمـەی بزوتنـەوە نارەزایی و بێزارییەكـەی جـەماوەری گـەلـەكـەماندا ، لـە چـەند ڕۆژنامە و سایتی كوردییدا چ لـە ناوەوە و چ لـە دەرەوەی وڵات ، كـەسانێك بە بیانووی پشتگیرییكردنی داوا ڕەواكانی گـەلـەكـەمان و ڕۆڵـە ئازا گیراوەكانی خۆپێشاندەرانەوە ، بە مەبەست بێت یان لـە نەزانینەوە ، وا پێشانی خەڵكەكە ئەدەن كە كاك ڕزگار عەزیز (پۆلا) و هاوڕێكانی ، ئەندامانی حیزبی شیوعی كوردستان ـ عێراقن ! ! !

هاوڕێ پۆلا و دەیان هاوڕێی تر لـە ئەندامانی پارتی چەپی كوردستان ، ساڵانێكی زۆر لـە ڕیزی حشع و حشك دا خەباتیان كردووە و تێكۆشاون و تەواوی ژیانی لاوییان لـە بەندیخانەكان و پێشمەرگایەتی و ڕاونراویی و دەربەدەرییدا بەسەربردووە ، ئەوەش مێژوویەكی پرشنگدارە و مایەی شانازییە بۆ ئەو هاوڕێیانە.

ئەمرۆ هاوڕێ پۆلا و هاوڕێكانی ، ئەندامانی پارتی چەپی كوردستانن ، ئەو پارتەی كە لـە 14-7-2006 دا لـەناو كوردستاندا و لـەناو جەماوەرەكەیدا ، دروستبوونی ڕاگەیەنرا. پارتێك كە دروشمەكەی كوردستانێكی بێ چەوسانەوە و هەژارییە ، پارتێك كە داوا ڕەواكانی جەماوەر بنەمای خەبات و تێكۆشانیەتی. پارتێكە كە سەركردەكانی لـەگەڵ جەماوەردا پێكەوە نارەزایی و بێزاریی دەرئەبڕن و ئەرژێنە ناو گۆڕەپان و شەقامەكان دژ بە گەندەڵیی و بەدسودیی لـە دەسەڵات ، هەژاریی ، نەداریی ، بێكاریی ، نەبوون و كەمیی ئاو ، كارەبا ، سوتەمەنیی و..تد.

لـەبەرئەوە با هاونیشتمانییان ئەو ڕاستییە باش بزانن كە پارتی چەپی كوردستان نوێترین گۆڕانكارییە لـە كوردستاندا ڕوویداوە لـە ڕووی چینایەتی ، سیاسی ، ئابوری و كۆمەڵایەتیەوە و هیچ پەیوەندییەكی بە هیچ لایەنێكی كوردستانییەوە نیە. تەنیا یەك خاڵ پارتی چەپ لـەو لایەنانە نزیك ئەكاتەوە ، ئەویش بەرژەوەندەكانی چینە چەوساوە و هەژار و كەمدەرامەتەكان و بەرژەوەندە مەزنەكانی گەل و نیشتمانەكەمانە. بە واتەیەكی تر پارتی چەپی كوردستان لـە بەرەی جەماوەری گەلـدایە نەك لـە بەرەی لایەنەكانی ناو دەسەڵاتدا. پارتی چەپ ئەندامان و لایەنگرانی ئەنێرێتە پێشەوەی خۆپێشاندان و مانگرتنەكانی جەماوەری بێزار و نارازیی كوردستان ، بەڵام لایەنەكانی دەسەڵات بەپێچەوانەوە! هەڕەشە لـە ئەندامانیان ئەكەن گەر بەشداریی ئەو بزوتنەوە جەماوەرییە بەرفراوانەیە بكەن! ئەمەش وەك جەماوەر بە چاوی خۆی ئەیبینێت ، جیاوازیی نێوان پارتی چەپ و حیزبەكانی بەرەی دەسەڵاتە!

پارتی چەپی كوردستان

2006-8-17